ـ ئەنوەر قادر ر... ید ـ

سەرچاوەی هونەر

ئەگەر بێت و بمانەوێ لە دەرگایەکی ئاوالەکراوەوە و (بەشیوەیەکی زانستیانە) بچینە مەیدانی بەرینی هونەرەوە ، ئەوا پێویستە لە بناغەیەکی پتەوەوە دەست پێ بکەین و بەو نیازەی (بەپێی تواناو زۆر بەکورتی) بتوانین هەندێ لە لایەنە ئالۆزەکانی ئەم دیاردە کۆمەلایەتی یە مەزنە شی ی بکەینەوەو لەو روانگەیەوە هونەرو هونەرمەندانی نەتەوەکەمان هەلسەنگێنین .

هونەر بەپێی تیووری رەنگرانەوە « شێوەیەکی خودی یە لە واقیعی مەوزوعی » . کەواتە پێویستە لە بنەڕەتەوە پەیوەندی یەکانی بەرهەمهێنان و شێوەی پەیوەندی یەکانی کۆمەل دەسنیشان بکرێ و جەمسەری گلۆلە ئالۆزەکە بدۆزرێتەوە . پێویستە ئەو راستی یەش بزانین کە کاتێ بمانەوێ تیووری هونەر بدۆزینەوە دەبێ مێژووی شیتەل بکەینەوە چونکە (نە تیووری هونەری بە بێ مێژووی دەزانرێ و نە مێژوو ەکەشی بەبێ تیووری هونەر دەنوسرێ [1]) . کەوابێ پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا . سەرەتای پەیوەندی یەکانی کۆمەل لە بەر رۆشنایی پەیوەندی یەکانی بەرهەمهیانەوە .

هونەر وەك هەموو هوشیاری یەکی کۆمەلایەتی تر مێژوویەکی گرێدراوی هەیە بەلایەنەکانی ژیانی کۆمەلەوە بۆیە پێویستە بزانرێ هونەر لەچی یەوە هاتووەتەکایەوە و چۆن بووە بە پێداویستی یەکی ژیانی کۆمەل و ئەو داهێنانە مەزنە لە کوێوە هەلقولاوەو ئەرکی سەرشانی چی بووە .

هونەر وەك (ئاوێنەیەکی ژیانی کۆمەلایەتی) ، پاش کارکردن هاتووەتە کایەوە (مدبەستمان ئەو کارانەیە کە پێویستیان بە ئامیرە) کە دەلێین ئەو کارەی ئامێری تیا بەکار دەهات مەبەستمان گۆرانی شێوەی فسیۆلۆژی مرۆڤە بەو جۆرەی ئیستا هەیەو ، بە پێوە دەوەستێ و دەستی بەکار دەهێنێ بۆ دروستکردنی جۆرەها ئامێرو بەردەوامی ژیان . هەروەها وشەو پاشان زمان هاتە کایەوەو بە پێی پێویست کێشەی نێوان مرۆڤ و سروشت هاتە کایە .

دەوترێ سەرەتای سەرهەلدانی هونەرلە سیحرەوە بووە بۆ سەلماندنی ئەم رایەش ئەو سیحرەی لە دەمارەکانی بوونی مرۆڤایەتیدایە ، هەستی ناتوانایی و هێزی توانا لە هەمان کاتدا دەهێنێتە کایەوە ، ترساندن لە سروشت و توانای زال بوون بەسەریدا . ئەمە گەوهەری رەسەنی هەموو هونەرێکە [2]) .

بەکارهێنانی سیحر بۆ زالبوونی مرۆڤە بەسەر سروشتدا ، چونکە کاتێ خەیال فراوان دەبێ و بەهۆی هێماو وشەو وێنەوە دەگات بە گۆرەپانی بەرینی خەیال و بە ئامێرەکانی سیحر خۆی نزیکتر دەکاتەوە لە سروشت و بە هۆیەوە دەتوانێ ژیانی مسۆگەر بکا ، هێزێکی مەزنی بەرەنگار بوونەوەی لا دەرەخسێنێ . کەواتە مرۆڤ (بە هۆی سیحرەوە ویستوویەتی زال بێ بەسەر دەورو بەرو پەیوەندی یە کۆمەلایەکان [3]) . ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەتایی (لە قۆناغی خۆیدا کارێکی مەزن بووەو ناتوانین لەگەل قۆناغەکانی ئێستادا بەراوردیان بکەین) ، فێربوونی لەناو خۆیدا حەشارداوەو هەر لەو سەرەتایەوە توانیویە زانیا ری خۆی زیاد بکاو بەرەنگاری دوژمن بێتەوەو پەیوەندی یە کۆمەلایەتی یەکانیش بەهێزبکا . کەواتە ناتوانین بە هیچ جۆرێك هونەر (تەنانەت سەرەتای سەرهەلدانیشی) لە پێویستی ی مرۆڤ جیا بکەینەوە ، هونەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یەو لە ناو کۆمەلەوە هەلقولاوەو زانیاری یەکانی مرۆڤی زیادکردوە . بە هۆی هاوارەوە توانیویەتی دوژمن بترسێنێ و سەماو (طقوسە) تایبەتی یەکانی وای لەمرۆڤی ئەو سەردەمە کردوە کە بە خەیال بەسەر دوژمنەکەیدا زال بێ و خەیالیش (وەك رەنگدانەوەی واقیع) زیاتر توانیویەتی پەرە بە هێزی مرۆڤ بداو مافی مانەوەو بەردەوامی ی ژیانی بۆ مسۆگەرتر دەکا . نەخشەکێشان و وێنە نەخشاندن جۆرێك بووە لە فێرکردن (کاتێ وێنەی درندەیەکیان کێشاوە توانیویانە زانیاری خۆیان لە بارەی ئەو درندەیەوە زیاتر بکەن [4] .

لەلایەکی ترەوە دەوترێ هونەرو بنەرەتی سەرهەڵدانی لە (یاری) یەوەیە ئەم رایەش بە ئاسانی رەت ناکرێتەوەو بەو شێوەیەش بنیاد نانرێ وەك (شیلەر) و (کانت) خستوویانەتە قالبی فەلسەفەوەو لەکارو پێویستی ژیان دوورەپەرێز گرتوویانە (وەك راکردنێك لە ولاتی دەستوورو یاسای پێویستو نوقوم بوون لە تەرمایی ناوەوەی خودی مرۆڤ) . بناغەی پتەوی هونەر لاسایی کردنەوەی واقیعە . رەنگدانەوەی واقیعە لە خودی مرۆڤدا (بەهەموو پەیوەندییەکانی ژیانییەوە) . بەلام نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە لە سەرەتادا مرۆڤ مەبەستی تێگەیشتن بووە لە بەرانبەرەکەی (سروشت) بۆ زاڵبوون بە سەریدا ، نەك تێگەیشتنو شیتەڵدنی خودی ، چونکە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەوە سەرەتایی تربوونکە پەیوەندی بەرهەمهێنان دەکا . مەبەست لەسەرەتاوە یوونو بەردەوامی ی ژیانبوو ، پەیوەندی بەکارکرنو ژیانی مرۆڤەوە هەبوو ، هۆی طقوسی تایبەتییەوە ویستوویانە ئاژەڵو گیانەوەرەکانی تی راکێشن بۆ ئەو جێیەی تیا ژیاون (بەهۆی لاساییکردنەوەی گیانەوەرەکەوە) تەنانەت (ئەو خەتو خاڵو کوتاندنو بەکارهێنانی خۆجوانکردنانەش بۆ ترساندنی دوژمنو خۆپاراستنبووە لە مێشو مەگەز[5]) . کەواتە هونەر لە بنەماوە پەیوەندی بە ژیانی کۆمەلایەتییەوە بووە ، هەر ئەو پەیوەندییەش وەك پێویست هێناویەتییە کایەوە . دەبینین لە ناوچەیەکدا جۆرێك گیانەوەر یان رووەگ خۆراکی سەرەکی ی ئەوانە بووە کە تیایدا ژیاون ، پاشان (دوای چەند قۆناغو پەرەسەندنو بارگۆڕینی پەیوەندییە ئالۆزەکانی کۆمەڵ) هەر ئەو گیانەوەرە بوە بە (تۆتەم[6]) ی وەچەی داهاتوویانو کۆمەلگای تۆتەمی ی بە هۆی قوربانیو پەرستنی تۆتەمی تایبەتی خۆیانەوە (وەك فیلێك) توانیویانە ئیسراحەت بە دلی خۆیان بدوەنو بەهۆی خەیالیشەوە بگەن بەو ئەنجامەی کە ناتوانن بە زەبری هێز ئەنجامی بدەن . تەنانەت ئەو وەچەیەی تۆتەمی هەبووە وای زانیوە رەچەلەکی رەسەنی خۆیان لەو تۆتەمەوە دەستی پێکردوە . لێرەدا دەمەوێ هەندێ لایەن لە بیر نەکەین لە کاتی باسکردنی سەرەتای سەر هەڵدانی هونە ، لەراستیدا زانستو ئاینینو رەشت وەك دیاردەی سەربەخۆ دەگەرێنەوە سەر هەمان سەرچاوەو پەیوەندیکی دیالیکتیکی لە نێواندیانا هەیە . هەر وەك چۆن قۆناغە ئالوگۆر کەرەکانی کۆمەلیش ئالۆزو بەیەکا چووەو ناتوانین بلێین لە قۆناغی کشتوکاڵدا راوکردن نەماوە ، یان راوکردنی سەرەتایی لە قۆناغی راوکردنی پێشکەوتووتردا نەماوە ، نەلکو چەند هۆیەکی تر هەیە ئەمانەی بەیەکەوە بەستوەتەوەو هەمووشیان بە هۆی مێژووی کۆمەلگاکانەوە لە یەك جیا دەکرێنەوە . بۆ نموونە دەبنیین (تۆتەم) سەرەتایەکی زۆر کۆنی ئایینییەو لەو طقوسە تۆمیانەدا سەمای تایبەتی کراوەو لاساي گیانەوەرە سروشتییەکان کراوەتەوەو بەو نیازەی بتوانن هەمووشتێ لە بارەی تۆتەمەکەیانەوە بزانن (لە قۆناغي خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانن راوی بکەن) بەوە گوزەرانی ژیانیان باشتربووە ، هەمان گیانەوەر کە سەرچاوەی ژیانیان بووە (پاش چەند قۆناغێك) بووە بە هیحایەکی پیروزد بووە بە تۆتەمیانو پاشان سیحری لێ پێك هاتووە لەسەر ئەو بیرەی (ئەگەر بەخەیاڵ بتوانیت زاڵبیت بەسەر واقیعدا ئەوە بەراستی دەتوانی بەسەریدا زاڵبیت) کەواتە سیحر (وەك بەڵگەی کارکردن راستییەکی بەنرخمان بۆ دەسنیشان دەکا ، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بە هۆی هەلوێستی خۆیەوە دەتوانێ واقیع بگۆڕێ) . ئەمەشیان کۆلەکەیەکی پتەوی ترە دەخرێتە پاڵ سیحر کە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەر بووبێ .

ئەستاتیکای ئەو قۆناغە قالبێکی تایبەتی ی وەرگرتبووبەو شێوەیەی رژێمەکەی لەسەر بنیاد نرابوو . کۆمەلگا بوو بوو بە دووبەشی ی سەرەکییەوە (سەربەست) و (کۆیلە) ، کۆیلە بە مرۆڤ دانەدەنرا . بەلام سەربەستەکانیش بوو بوون بە چەند چینێکەوە . راستە توانای مرۆڤ بە سەر سروشتدا سەرکەوت وەك دراکۆمێر ئەسنێوف دەلێ (مرۆڤ لە نێچیری چارە نووسەوە بووبە سەرکردەو گەورەی سروشت [12]) . بەلام کێشە مەزنهخکەی مرۆڤایەتی هەر لەم قۆناغەدا هاتە کایەوە لە نێوان مروان مرۆڤو مرۆڤ ، سەربەستو کۆیلە . کاتێ بازرگانیو کشتوکاڵ پەرەیان سەند . ئە وتیرەو هۆزانەی لە جەنگدا هێرشیان دەبرایە سەرو هەندێکیان لێ دەگیراو دەکران بەکۆیلە پەیوەندی کۆیلەو خاوەنەکەی بەم شێوەیە بوو (کۆیلە مولکی تایبەتی خاوەنەکەی بوو ، دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی رەفتاری لەگەڵ بکا ، کۆیلە هیچ مافێکی شارنشینی (الحقوق

المدنية) نی‌یه . خاوه‌نه‌كانیان ده‌توانن به ئاسانی بیانكوژن بێ ئه‌وه‌ی هیچ سزایه‌ك بدرێن . ئه‌مه وای كردوه كه خاوه‌نه‌كانیان په‌نا به‌رنه به‌ر سزاو ئازار دانیان‌و به‌و شێوه‌یه تواناو هێزیان نه‌ده‌ما ، ێنجا كه كه‌ڵكیان نه‌مایه ده‌یانكوشتن‌و كۆیله‌ی تریان ده‌خسته جێگایان . كۆیله‌شیان له ڕێی جه‌نگه‌وه زۆر ده‌ست ده‌كه‌وت بۆیه هه‌میشه واگیركردن به‌ده‌وام بوو [13]) .

هونه‌ری ئه‌م قۆناغه زۆر قه‌رزاری كۆیله‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه ، بۆ نموونه ئه‌و شانۆ گه‌وره‌و په‌رستگا نایابانه ئه‌نجام نه‌ده‌درامه ئه‌گه‌ر شان‌و قۆڵی كۆیله‌كان نه‌بوایه ، یان ئه‌هرامه‌كانی میسری چۆن بنیاد ده‌نرانه ئه‌گه‌ر هه‌زاره‌ها كۆێنی خۆیان به سه‌ردا نه‌ڕشتایه . به‌لام ئه‌مه وا ناگه‌یه‌نێ كه سه‌ربه‌كان یه‌كسان‌بوون ، به‌ڵكو به پێچه‌وانه‌وه ئه‌مانیش له چه‌ند چینێك پێك هاتبوون (هه موو گه ل كرابوو به سێ چینه‌وه) (بێ ئه‌وه‌ی هیچ گرنگی بده‌ن به تیره‌و هۆزو فراتیر) چینی یه‌كه‌م به‌گزاده eupatrides (النبلاء) و چینی دووه‌م چێنه‌ران yeonores (الزراع) و سێهه‌م كارگه‌ران demiuryes (الحرفيين) . هه‌روه‌ها به‌گزاده‌كانه ده‌یانتوانی له هه‌موو كارێكی میریدا كار بكه‌ن [14]) .

له پێناوی به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی چینی به‌گزاده [(خاوه‌ن كۆپله) ئه‌وانه‌ی به هۆی جه‌نگه‌وه (عه‌سكه‌ری‌یه‌كان) یان پیاوه ئاینی‌یه‌كان] هونه‌ر ته‌رخانه‌كرا بۆ به‌رگری له‌و به‌رژه‌وه‌ندیانه‌و ده‌بنین سه‌ركرده‌كانی سوپا ئه‌و په‌ڕی گرنگیان پێ ده‌دراو بۆ ستایش‌و پیاهه‌ڵدانیان به‌یت (ملحمة) هاته كایه .

پاش گۆڕانكاری له چۆنایه‌تی په‌یوه‌ندی‌یه كۆمه‌لایه‌تی‌یه‌كان‌و گۆڕانكاری له شێوه‌ی به‌رهه‌مهێنان له هه‌مان قۆناغدا شێوه‌ی تیا گۆڕرا . گۆڕانكاری‌یه‌كی مه‌زن هاته كایه‌وه . گیانداره‌كان گۆڕرانه‌وه به شێوه‌ی مرۆڤ . خواوه‌نده‌كان به پێی گۆڕانكاری بیری نوێ شێوه‌ی مرۆڤیان وه‌گرت‌و نه‌زرو قوربانی (به‌شێوه‌ی پێویست) هاته كایه‌وه‌و خواوه‌نده‌كان ڕه‌وشتی مرۆڤیان وه‌رگرت‌و هونه‌ری كلاسی‌ی سه‌ری هه‌ڵدا .

نیگار كێشان‌و په‌یكه‌ر تاشی‌و شانۆی ئه‌م سه‌رده‌وه شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی وه‌رگرت بۆ ناوه‌رۆكێكی جیاواز ، چونكه ڕێبازی (ڕه‌مزی كۆنی ئایینه‌كان) گۆڕانكاری‌یه‌كی ئه‌و تۆی تیابوو كه پێویست بوو بابه‌تی هونه‌ر به تاكه كه‌سی واهێنه‌ر (له كۆمه‌ڵ دانه‌بچڕاو) بگۆڕێ بۆ ناوه‌رۆكی نوێ كه پێویستی به شێوه‌یه‌كی نوێ هه‌یوو پێی ده‌ربڕێ . ئه‌ویش هونه‌ری كلاسی‌ی بوو . چونكه به‌یته‌كانی هۆمیرۆس‌و شیعری هیسێودو چیرۆكه‌كانی ئیزۆب نه‌یانده‌توانی شان‌به‌شانی قۆناغی نوێ بڕۆن .

هیوادارم له نووسینێكی تردا بتوانم (به‌پێی توانا) هه‌ندێ له ڕێبازی كلاسی‌ی بدوێم له‌سه‌ر هه‌مان بناغه‌و ڕێبازو له هه‌مان ڕوانگه‌وه .

سه‌رچاوه‌و په‌راوێز

1 — اسس علم الجمال الجزء الاول تعريب الدكتور فؤاد مرعي ل18

2 — الفن والاشتراكية تأليف ارنست فيشر ترجمة جورج طرابيشي ل55

3 — معجم علم الاجتماع تحرير البروفسور دينكسن ميشيل ترجمة احسان محمد الحسن ل191

4 — اسس علم الجمال الجزء الاول ل310

5 — هه‌مان سه‌رچاوه ل311

6 — تۆته‌م (Totem) گیانه‌وه‌رێكه له شێوه‌ی گیانله‌به‌ر یان ڕووه‌ك یان به‌شێك له گیانله‌به‌ر یا ڕووه‌ك ، كه‌واته بوونه‌وه‌رێكی سروشتی‌یه یا دیارده‌یه‌كی سروشتی یان هێما (ڕه‌مز) ی ئه‌و شتانه‌یه كه ده‌بن به ڕوخساری تایبه‌تی هه‌ندێ كۆمه‌ڵنشین له كۆمه‌ڵگایه‌كی دیاری كراودا (معجم علم الاجتماع ل300)

7 — اسخيلوس واثينا تأليف جورج طومسن ترجمة صالح جواد الكاظم ل21

8 — الفن والحرية تأليف هونور اروندل ترجمة حسن الطاهر زروق ل11

9 — اسخيلوس واثينا ل419

10 — الحياة اليومية في بلاد بابل وآشور جورج كونتينو ترجمة سليم طه التكريتي وبرهان عبد التكريتي ل346

11 — ملحمة گلگامش طه باقر

12 — الادب وقضايا العصر ترجمة عادل العامل ل63

13 — لمحة عن تطور المجتمع منذ بدء التأريخ ل19